زنجیرە ئامار لەبارەی شەفافییەت لە هاوکارییە مرۆییەکان

# ڕاپۆرتی وڵاتی عیراق: توێژینەوەیەک لەسەر شەفافیەت لە ئاماری مرۆیی لە ئەربیل (هەولێر)، هەرێمی کوردستانی عیراق.

ئابی ٢٠٢٠

Publish What You Fund
The Global Campaign for Aid Transparency

پەبلش وەت وفەند Publish What You Fund بریتیە لە کەمپەینێکی نێودەوڵەتی بۆ شەفافییەت لە هاوکاری و گەشەپێدانی مرۆیی، کە لەساڵی ٢٠٠٨ ەوە دەستی بەکارکردن کردووە. ئێمە وێنای جیهانێک دەکەین کە تیایدا زانیاری لەبارەی هاوکاری و گەشەپێدان شەفافە، بەردەستە، وە بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردانی کاریگەر، بەرپرسیارێتی گشتی، و گۆڕانکاری بەردەوام بۆ هەموو هاوڵاتیان.

پەبلش وەت وفەند سوپاسگوزارە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەژداربوون لەبەرهەم هێنانی ئەم ڕاپۆرتە. دەمانەوێت سوپاسی هەموو بەرپرسە مرۆییەکان بکەین لە عیراق، کە کاتی خۆیان پێبەخشین بۆ بەشداریکردن لە چاوپێکەوتن و ڕاپسریکردن بۆ ئەم پرۆژەیە. سوپاسی تایبەتمان هەیە بۆ هاوبەشمان بۆ لێکۆڵینەوە، گراوند تروز سۆلوشنس Ground Truth Soulutions.

نووسەران:

**هێنری لیویس Henry Lewis**، بەڕێوبەری پرۆژەی مرۆییەکان، پەبلش وەت وفەند

**گاری فۆرستەرGary Forster**، بەرێوبەری گشتی پەبلش وەت وفەند

**ڕوبە ئیشەک Ruba Ishak** و ماکس **سیلەرن Max Seilern** لە گراوند تروز سۆلوشنسەوە بەژداربوون لەم لێکۆڵینەوەیە.

پیاجوونەوە بۆ ئەم لێکۆڵنەوەیە کراوە لەلایەن دکتۆر تاریق جەراح Dr. Tariq Al-Jarrah کە لە Doctors Aid for Medical Activities (DAMA), Iraq کاردەکات.

**هاوبەشانی پرۆژەکە:**

گراوند تروز سۆلوشن (Ground Truth Solutions) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ناحکومییە، کە هاوکاری ئەو خەڵکانە دەکات کەلەژێر کاریگەری قەیرانەکان،و دیزاین و جێبەجێکردنی هاوکارییە مرۆییەکانن. هەروەها، کاردەکارت لەسەر تێڕوانینی ستافە مەیدانیەکان و هاوبەشە ناوخۆییەکان وەکوو تێڕوانینی جیاواز لەوانەی ئەو کەسانەی کە ڕوبەڕووی قەیرانە مرۆییەکان بونەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://groundtruthsolutions.org/

دیڤەلۆپمێنت ئینیشتڤ Development Initiatives ڕێکخراوێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتییە، کە تێشک دەخاتە سەر رۆڵی ئامار لەکەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و گەشەپێدانی بەردەوام. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://devinit.org/

Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن **وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا** پاڵپشتی دارایی کراوە.

## ناوەڕۆک

بەشی یەکەم: دەرباری لێکۆڵینەوەکە........................................................................................٤
لێکۆڵینەوەکە بەگشتی ..........................................................................................................٥
میتۆدۆلۆچی لێکۆڵینەوەکە........................................................................................٦
بەشی دووەم: دۆزینەوە ودەرئەنجامەکان..............................................................................٧
ئامانجی ڕاپۆرت..................................................................................................٨
بۆچی عیراق؟.............................................................................................٨
دۆزینەوەکان......................................................................................٩
دەرەنجام....................................................................................٢٠

## خانەکان، نەخشەکان، گرافەکان، و خشتەکان

خانەی یەکەم: دەستپێشخەری بۆ شەفافییەت لە هاوکاری نێودەوڵەتی چییە؟.......................................٥
خانەی دووەم: پاپەندیەکانی کاکردن بەشەفافیەتی ڕێکەوتنی مەزن Grand Bargain Transparency Workstream commitments.........................................................................٦
نەخشەی یەکەم: "ڕێکخەرەکان" بەرانبەر بە "جێبەجێکارەکان"..........................................................١٠
نەخشەی دووەم: جۆری ئامار کە بەکاردەهێنرێت و پێویستە بۆ وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکان.............١١
نەخشەی سێیەم: هۆشیاری، بەکارهێنان، و بەرزکردنەوەی داتا لەلاین وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیە بۆ پلاتفۆرمەکانی AITI و FTS........................................................................................١٣
ئامار لەبەکارهێناندا..................................................................................١٣
نەخشەی چوارەم: کام جۆر لەئامار هەست بەئاسودەیی ناکەی لەبڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەعیراقدا...............................................................................١٥
نەخشەی پێنجەم: تا چ ڕادەیەک ڕازیت لە کوالێتی ئەو داتایەی کەبەردەستە بۆ عیراق؟.................١٦

خشتەی یەکەم: هۆشیاری و بەکارهێنانی پلاتفۆرمە گرنگەکان لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسییەکان................................................................................................................................................................ ١٧

## بەشی یەکەم

## دەربارەی لێکۆڵینەوەکە بەگشتی

## پرۆژەکە بە کورتی

ڕێکەوتنی مەزن (The Grand Bargain[1]) ڕاگەیەندرا لە کۆڕبەندی جیهانی مرۆیی لە ٢٠١٦دا. ئامانجی ڕێکەوتنەکە بریتییە لە دەرخستنی ئەو بۆ شایەی لە پاڵپشتیکردنی دارایی لە کاروبارە مرۆییەکاندا هەیە، ئەویش لەڕێگەی کارکردن لە نۆ بەشی گرنگدا[2]. لە بەشی شەفافییەتدا، `شەفافییەت لە کارکردندا` (Work Stream) ڕێکەوتنی لەسەر کرا لەلایەن حکومەتی هۆڵەندا و بانکی جیهانی بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو واژۆیانەی کەکۆکرابوونەوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاماری نوێ و باوەڕپێکراو لەسەر پاڵپشتیەداراییەکان بۆ کاروبارە مرۆییەکان وە هەروەها چۆن پاڵپشتیەکان دابەشکراون و بەکاردەهێنرێن، لەسەر بنمەکانی دەستپێشخەری جیهانی بۆ شەفاییەتی هاوکارییەکان the International Aid Transparency Initiative (IATI) (پابەندبوونی ١,١، کۆتاوادە ئایاری ٢٠١٨).[3] ئەم ئامارە پێویستبوو بگونجایە بۆ پشتگیریکردنی شیکاری ئامار، لەوانە هەبوونی توانا بۆ ناسینەوەی چالاکییە جیاوازەکان، ژینگە، وە بارودۆخەکان. بەژداربووان پاڵپشتی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بەکارهێنانی ئاماری بەردەست لە پرۆگرامەکانیان و لە پرۆسەی پڕیاردەرکردن، بەمەبەستی باشترکردنی دیجیتال پلاتفۆرم و پشتگیرکردنی هاوبەشەکان بۆ بڵاوکردنەوە و دەستگەشتن داتاکان.

| |
|---|
| خانەی یەکەم: دەستپێشخەری جیهانی بۆ شەفاییەتی هاوکارییەکان چییە (IATI) ؟<br>ستانداردە دانراوەکان بریتین لە کۆمەڵ یاسا وڕێبەر بۆ بڵاوکردنی ئامارە مرۆییەکان و گەشپێدانەکان. ڕێکخراوەکان دەتوانن زانیاری بڵاوبکەنەوە لەسەر داراییان (بۆ نموونە، بودجەی پرۆژەکان، پاڵپشتیە داراییە دابینکراوەکان) وە چالاکییەکانیان (بۆ نموونە، شوێنی پرۆژەکانیان، دەرەنجامی پرۆژەکانیان، وە هەڵسەنگادنەکانیان). ئامارەکان پێویستە بەشێوازی ئێکس ئێم ئێڵ دابین بکرێت. ژمارەیەک ڕێکخراو لەسەر بنەمانی ئای ئەی تی ئای ئامارەکانیان بڵاودەکەنەوە، لەوانە حکومەتەکان کە پاڵپشتی دارایی دەکەن، بریکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، و ڕێکخراوە ناحکومییەکان. |

لەیەکەم قۆناخی چالاکییەکانیدا لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨، شەفاییەت لەکارکردا تیشکی خستەسەر پابەندبوون بەبڵاوکردنەوەی ئامارەکان (پابەندبوونی ١,١) بۆ هاندانی بەردەستبوونی زانیاری وبەهێزکردنی ستانداردەکانی ئای ئەی تی ئای (IATI) بۆ بڵاوکردنەوەی ئامارە مرۆییەکان و پشتگیری کردنی لایەنەکانی ڕێکەوتنەکە بۆ پڵاوکردنەوەی ئامارە مرۆییەکانیان. بۆ کردنەوەی توانستی تەواوی ئاماری شەفافی مرۆی، ئامارەکان نایێت بەتەنها بڵاوبکرێنەوە، بەڵکو دەبێت بەکاربهێنرێت بۆ ئاگادارکردنەوە لەبارەی بەژدارییەکان لە قەیرانە مرۆییەکان لەسەر بنەمای بەڵگە، وە هەروەها بۆ دابینکردنی پاڵپشتی دیاریکراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان. لەبەرئەمە، پێویستبوو ژمارەی بەرژەوەندیدارەکان فراوان بکرێت بۆ هێنانەناوەوەی بەژداربووانی زیاتری کاروبارە مرۆییەکان، بۆ بەتەواوی دەرخستنی جوڵە داراییەکان وزانیارییەکانی تر.

---

[1] بۆزانیاری زیاتر لەسەر ڕێکەوتنی مەزن(The Grand Bargain) سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://interagencystandingcommittee.org/grand-bargain

[2] ڕێکەوتنی مەزن لەلایەن ٦١ لایەنەوە واژۆکرا ( ٢٤ وڵات، ٢١ ڕێکخراوی نێودەڵەتی، ١٢ دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ دوو Red Cross movements، و دوو ڕێکخراوی نێونەتەوەیی). ڕێکەوتنی مەزن لەسەرەتادا دەبەشی سەرەکی لەخۆدەگرت، بەڵام لەدەستپێکردندا کەمکرایەوە بۆ نۆ بەش و بەشێک لەبارەی پابەندیەکان.

[3] کاتێک تیمی لێکۆڵەرەوە لەباری ئای ئەی تی ئای دەدوێن، ستانداردی ناوەندەکە لە خۆدەگرێت، ئەو ئامارانەی کە ناوەندەکە بڵاویدەکەنەوە، وە ئەو ناوەندانەی ئامارەکانی ئای ئەی تی ئای بەکاردەهێنن (بۆنموونە، دی پۆرتاڵ). بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکەن: https://iatistandard.org/en/

لەبەر ئەم هۆکارە، تیمی سەر بە ڕێکەوتنی مەزن بۆ شەفافییەت، بەپاڵپشتی دارایی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا، پەبلش وەت وفەند و گراند تروز سۆلوشنی راسپارد بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی پێیوستییەکان و ئالەنگارییەکانی زانیاری کە بەکاربەرانی ئامار لەکاتی کارکردندا ڕوبەڕووی دەبنەوە، کە بەبەردەوامی کاردەکەن لەقەیرانە مرۆییەکاندا.

خانەی دووەم: پاپەندیەکانی تیمی ڕێکەوتنی مەزن

1 - بڵاوکردنەوەی ئاماری نوێ، شەفاف، و بەکوالێتی بەرز لەسەر دوزینەوە مرۆییەکان لەماوەی دووساڵ پاش کۆربەندی جیهانی مرۆیی لە ئەستەنبوڵ. ئێمە وایدادەنێین کە ئای ئەی تی ئای بنەمایەک بڵاودەکاتەوە لەبارەی ئامانجی ستانداردێکی هاوبەش.
2 - سودبینین لە شیکاری ئاماری گونجاو، لەگەڵ ڕونکردنەوەی جیاوازی چالاکییەکان، ڕێکخراوەکان، و بارودۆخەکان (بۆنموونە: ئامرازەکانی پاراستن وناوچەی قەیران).
3 - باشترکردنی دیجیتاڵ پلاتفۆرم و بەژدارپێکردنی ستانداردەکانی زانیاریە گشتییەکان بۆ هاوکاری بەدەستهێنانی:
  a) شەفافییەتی ئەو ناوەندانەی پاڵپشتی دارایی دەکەن و کاردەکن لەبەردەست کردنی زانیارییەکان بۆ شیکاری و پاراستنیان.
  b) باشترکردنی پرۆسەی بریاردان، لەسەر بنەمای باشترین زانیاری بەردەست.
  c) کەمکردنەوەی کاروباری بەخشەرەکان، بەپێی کات، لەدەرەنجامی قبوڵکردنی ستانداری هاوبەشی بۆ زانیاری لەلاین پەخشەرەکان بۆ ئەنجامی راپۆرتەکان.
  d) بەدواداچوون بۆ ئاڵوگۆری پاڵپشتییە داراییەکانی بەخشەرەکان، هەتاوەکوو دەگاتە وەرگرەکان، وە لەکاتی بەردەستبوون، خەڵکانی سودمەندبووش.
4- پاڵپشتیکردنی تواناکانی هاوبەشەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەیان.

## میتۆدۆلۆجی لێکۆڵینەوەکە

تیمەکە کۆمەڵێک ئامرازی جیوازیان بەکارهێنا لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە، لەوانە پیاچوونەوە بە لێکۆڵینەوە بەردەستەکان، ڕاپرسی ئۆنلاین، و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی تایبەت لەبوارەکەدا لە دوو وڵاتدا. عێراق هەڵبژێردرا وەکوو یەکێک لە وڵاتەکان بەپشتبەستن بە ژمارەیەک پێوانە( میتۆدۆلۆجی لێکۆڵینەوەکە ببینە[4]). تیمەکە بەبەردەوامی لەلێکۆڵینەوەدا بوون لەوماوەیەدا و دواتر دۆزینەوەکانیان پێشکەشکرد، بەشێوازێک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو بابەتەنەی کە بیستیان لەلایەن ئەوکەسانەی کە کاردەکان لەسەر قەیرانە مرۆییەکان لە عێراقدا. واتە، هەربابەتێکی باسەکراو، بۆ نموونە لەبارەی دەستپێشخەریەکی دیاریکراو، دەبێت لێکبدرێتەوە لەگەڵ تێگەشتەن لەم شێوازی هاوتەریب نووسینە.

ڕاپرسییەکە ١٠٩ کەس و چاوپێکەوتنەکان ٣٢ کەسی لەخۆگرت لە زیاتر لە ٦٣ ڕێکخراوی چیاواز و لەبواری جیادا لە عێراقدا[5]، کە هەردووکیان زانیاریان بەردەستخست لەبارەی ئەو ئالەنگارییانەی کە ئەوان لە کارووبارە مرۆییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەوانە لە بەدەستهێنان، پێشکەشکردن، بڵاوکردنەوە، و بەکارهێنانی زانیاری. ژمارەی راپرسیەکان و چاوپێکەوتنەکان بەپێی ڕێکخراوەکانیان ئاماژەیان پێدراوە لە دۆکومێنتی میتۆدۆلۆجیەکە. لێکۆڵینەوەکە گرنگیدا بە

---

[4] میتۆدۆلۆجی لێکۆڵینەوەی شەفافییەت بۆ هاوکارییە مرۆییەکان لەلایەن Publish What You Fund. سەردانی ئەم بەستەرە بکە بۆ زنیاری لەسەر میتۆدۆلجییەکە: https://www.publishwhatyoufund.org/projects/humanitarian-transparency/

[5] گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە قەبارەی سامپلەکان دیاریکراوە، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاڵنگاری لەبارەی گرنگی ئاماری دۆزینەوە کەسیەکان کە ڕاپرسیان لەگەڵ کراوە یاخود چاوپێکەوتن.

ڕێکخراوە ناوخییەکان[6]، بەڵان، لەهەمان کاتدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزارەتەکان، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخەری کارووبارەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان[7]، و ئۆفیسی بەخشەرە داراییەکان.

[6] تیمی لێکوڵەرەوە پێناسی ڕێکخراوێک دەکەن وەک ڕێکخراوێکی ناوخۆیی کە لەیەک وڵاتدا کاردەکات.
[7] تیمی لێکوڵەرەوە پێناسی ڕێکخراوێک دەکەن وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە لەچەند وڵاتێک کاردەکات.

## بەشی دووەم

## دۆزینەوە و دەرئەنجامەکان

## ئامانجی ڕاپۆت

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێت بۆ ئەو زانیاریە پێوستانەی کە ڕێکخراوە مرۆییەکان پێوستیانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وە ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە بەدەستهێنان و بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە لە پرۆسەی بڕیارداندا. لێکۆڵینەوەکە پشتیبەستووە بە ڕاپرسیەکی ئۆنلاین و چاوپێکەوتنی مەیدانی کە ئەنجامدران لە پارێزگاری هەولێر لە ئابی ٢٠١٩.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت، لەوانە بڵاوکردنەوەی زانیاری دارایی لەسەر بنەمای ستانداردەکانی the International Aid Transparency Initiative (IATI) and the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs Financial Tracking System (FTS)، چۆن ڕێکخراوە مەیدانییەکان زانیارییەکان کۆدەکەنەوە، شیکاریان دەکەن، و بەکاریان دەهێنن بۆ ئەو بڕیارانەی کە وابستەن بە کارکردن و پرۆگرامەکانەوە، چ جۆرە پلاتفۆرمێکی دیجیتالی بەکاردەهێنن و ئەو ئاڵەنگار و هەلانەی ڕووبەڕوی دەبنەوە، وە چۆن تواناى بەکارهێنانی زانیاری کاریگەری دەخاتە سەر ڕێکخراوە جیاوازەکان بۆ بەڕێوبردنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر. بۆ بەدەستهێنانی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە، تیمی لێکۆڵەرەوە سەرەتا پێوست بوو تێبگەن لە ڕۆڵ و بەرپرسیاریتەکانی ڕێکخراوە جیاوازەکان لە عێراق، ئەو بڕیارانەی کە ڕۆژانە پێوستە دەریبکەن، وە لەدەرەنجامدا، کام جۆر لە زانیاری لەئێستادا بەکاردەهێنن و پێویستیانە بۆ بڕیاردان. لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم ڕاپۆرتە ئەو خاڵە سەرەکیانە دەخاتەڕوو کە ڕێکخراوەکان تیشکیان خستەسەر وەک پێوستی بۆ هاوکاری وباشترکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان لەنێوانیاندا. ڕاپۆرتەکە بەدیاریکراوە تیشکدەخاتە سەر کێشەکانی زانیاری کوالێتی باش، تواناى بەکارهێنانی زانیاری، ڕۆڵ و بەرپرسیارتی لەبارەی بەڕێوبردن وڕێکخستنی داتاوە، وە بەژداریپێکردنی ناوخیی زانیاریەکان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێکە لەدوو لێکۆڵیەنەوە، کەئەوی تریان لەسەر وڵاتی بەنگلادیشە. وەکو بەشێکی گشتگیر تری پرۆژەکە، دۆزینەوەکانی لێکۆڵینەوەی عێراق هاوبەشیان پێکرا لەگەڵ ئەوانەی لێکۆڵینەوەکەی بەنگلادیش وە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان بۆبەرهەم هێنانی زنجیرەیەک ڕاپۆرت، کە هەڵسەنگاندن بۆ داتا دەکات لە قەیرانە بەردەوامەکاندا. چوار ڕاپۆرتەکە بەرهەم هێنران بۆ خوێنەرە جیهانییەکان و هەریەکەیان ڕیزبەندیان بۆ کراوە لەگەڵ خاڵەکان وپابەندیەکانی ڕێکەوتنی The Grand Bargain Transparency Workstream:

1. Research brief 1: publication of humanitarian funding data
2. Research brief 2: data collection, analysis and use in protracted humanitarian crises
3. Research brief 3: the use, challenges and opportunities associated with digital platforms
4. Research brief 4: data use capacity in protracted humanitarian crises

## بۆچی عێراق؟

عێراق لەچەقی کێشە وئاوارەبووندابووە بۆ جەنەها دەیە. جەنگ لەگەڵ ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠کان، جەنگی یەکەمی کەنداو، روخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ٢٠٠٣ بەسەرکردایەتی ئەمریکا، وە جەنگی درێژخایەنی نێوخۆی و گرووپە چەکدارەکان ملوێنان عێراقیان لەئاوارەییدا بەجێهێشتووە و کاریگەری توندنیان لەسەر ژیانیان هەبووە. لەکاتێکدا ئێستا هەرێمی کوردستان لەتەواوی وڵاتدا سەقامگیرترینە، ئەویش کەوتۆتە بەر کاریگەریەکانی ئەم جەنگە درێژخایەنانە و شەپۆلی ئاوارەبوونی بەردەوامی هاوڵاتیانی تری ناوچە

قەیراناویەکان. هەرێمە ڕووبەڕوی تەحەدی دەرەکی بووەتەوە، لەکاتێکدا توشی گرژیش بووتەوە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە بەغداد.

هاریکارییە مرۆییەکان بۆ ماوەی ١٧ ساڵە بەردەوامە لە عێراقدا. نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (The United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI بەشێوازێکی فەرمی دامەزرا لەساڵی ٢٠٠٣دا. نوێنەرایەتیەکە ڕێکخستنی کاروباری نیشتەجێبوون و مرۆییەکان لەخۆدەگرێت بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی عێراقی لەمامەڵکردن لەگەڵ کاروبارە و قەیرانە مرۆییەکان کە سەریانهەڵداوە بەهۆی ئاوارەبوون و کێشە درێژخایەنەکانەوە. لەئێستادا، ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکسختنی کاروبارە مرۆییەکان (United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (UN OCHA بەرپسیارە بۆ سەرکردایەتیکردنی کاروبارە مرۆییەکان. لەکاتێکدا هاوکارییە مرۆییەکان توانیویەتی مامەڵەی پێویست بکات لەگەڵ زۆرێک لەقەیرانە مرۆییە لەناکاوەکاندا هەتاوەکوو ئێستا، هاوکارییەکان دووچاری ژمارەیەک ئاڵەنگاری بەهێزبوونەتەوە. یەکێک لە ئاڵەنگارییە بەهێزەکان بریتییە لە پاڵپشتی دارایی سنوردار بەهۆی نەگەشتن بەچەندین ناوچەی جیاوازی عیراق لەدەرەنجامی گرفتە ئەمنیەکان و بەربەستە حکمویەکان. ئەم ئاڵەنگاریانە، تا ڕادەیەک، زیاتربوون بەهۆی لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی، توانای حکومی و دامەزراوەیی (بەهۆی جەنگی درێژخایەنەوە)، ئاڵۆزی باردۆخی سیاسی، دابەشبوونی تایفی، و کێشەکان لەناو وڵاتانی دراوسێدا، لەوانە سوریا، کە تیشک ناخاتە کاروبارە مرۆییەکان.

لەئێستادا، عێراق ١,٤ ملیۆن ئاوارەیی ناوخۆیی هەیە[8]، کە ٢٣٦،٤٩٦ لەئاوارەکان لە پارێزگای هەولێر دەژین[9]. پلانی ٢٠٢٠ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارە مرۆییەکان Iraq 2020 Humanitarian Response Plan (HRP) داواکاری پری ٥٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات[10] بۆ هاوکاریکردنی ١,٧ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی لە تەواوی وڵاتدا[11]. لەکاتێکدا ئەم پرە کەمێک دابەزیوە بەبەراورد بەساڵی ٢٠١٩[12]، هێشتا، پێویستی بۆ پاڵپشتییە داراییەکان و ئاوارە دەستنیشانکراوەکان بەگرنگی ماوەتەوە، بەتایبەتی لەبوارەکانی وەکوو ئامرازەکانی پاراستن، ئاسایشی خۆراک، و تەندروستی.

بۆ ئەومەبەستە، عێراق، و بەتایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پاڵشتیان پیشاندا بۆ تیمی لێکۆڵینەوە بۆ بنکۆڵکردنی قەیرانێک، کە ناسێنراوە بە کێشەی بەرهەڵستکاری دوورمەودا و ئاوارەبوونی درێژخایەن. ئەم هاوکارییە هەلی بەخشی بەتیمی لێکۆڵینەوە بۆبەدەستهێنانی زانیاری پێویست، لەهەمان کاتدا هەبوونی پەیوەندی باش بۆ گەشتن بەو ڕێکخراوا مرۆییانەی لە مەیدانی قەیرانەکاندا کاردەکەن بۆ تێگەشتن لەو ئاڵەنگاریانەی کەهەیانە لەدەست گەشتن و بەکارهێنانی زانیارییەکان.

---

[8] ئاماری ڕێکخراوی IOM. ئامارەکە لە ٢٩ی تەمووز ٢٠٢٠ وەرگیراوە: http://iraqdtm.iom.int/

[9] هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

[10] پلانی ٢٠٢٠ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارە مرۆییەکان Iraq Humanitarian Response Plan (HRP) 2020: https://www.humanitarianresponse.info/sites/www.humanitarianresponse.info/files/documents/files/iraq_hrp_2020.pdf

[11] هەمان سەرچاوەی سەرەوە

[12] پلانی ٢٠١٩ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارە مرۆییەکان ٢٠١٩ Iraq Humanitarian Response Plan (HRP): https://www.humanitarianresponse.info/sites/www.humanitarianresponse.info/files/documents/files/iraq_2019_hrp_26_02_2019final_english.pdf

دۆزینەوەکان

**دۆزینەوەی یەکەم- بەکارهێنان و پێوستی زانیاری پشتدەستێت بە ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی ئەو ڕێکخراوەی کە لە کاروباره مرۆییەکاندا دەیگێڕێت.**


بۆئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕێکخراوەکان دابەشکران بەسەر دوو جۆری جیاوازدا، کە بریتین لە "چێبەجێکارەکان" و"ڕێکخرەکان" . تیمی لێکۆڵینەوە `ڕێکخەرەکانیان` وابینی کە بریتین لەحکموتی وەڵاتان و ئەو گروپانی کە مامەڵی ڕێکخراوانە دەکەن، (بۆ نموونە، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، گروپە ڕێکخەرەکان، بەخشەرەکان)، کە پێوستیان بە زانیارییە بۆ باشتر تێگەشتەن لە ئاستی کاروباره مرۆییەکان و ڕێکخراوە جیاوازەکان کە کاردەکان لەبوارەکەدا. ئەوان ئەم زانیاریانەیان پێویستە بۆ مەبەستی ڕاوێژی پرۆژەکانیان و لەکاتی شیکاری ڕاپۆرتەکانیان. هەروەها بەکاریدەهێنن بۆ مەبەستی وێناکردنی باردۆخەکە بەگشتی و پلانەکان (بۆ نموونە، بۆ دانانی پلانی کاروباره مرۆییەکان بۆ عێراق). ڕێکخەرەکان کە بواری جیاوازدا کاردەکەن ڕونیانکردەوە کە پێوستیان بەم زانیاریانە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەکردنەوەی پرۆگرامەکان، ناسینەوەی بۆشایی زانیاریەکان، دڵنیای لە دابینەکردنی سەرچاوەکان بەگونجاوی، وە هەبوونی کاردانەوەی بەوەخت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پێداویستیە مرۆییەکان بۆ ئاوارەکان و خەڵکانی ناوچەی قەیرانەکان دابین کراوە.

| "ڕێکخەرەکان" |
| --- |
| کێن ئەوان: حکومەتی وڵاتان و گروپە ڕێکخەرەکان (بۆ نموونە، گروپەکان، بەخشەرەکان، دەزاگاکنی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە هاوبەشە ڕێکخراوەکانی تر)<br>ڕۆڵەکانیان: بەڕێوبەری ئۆفیسی کاروباره مرۆییەکان و گروپە ڕێکخەرەکان، بەڕێوبەری پرۆگرام/پۆلسی/داکۆکیەکان، نوێنەری وەزارەتەکان، بەڕێوبەری بەشەکان، بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان<br>تیشک خستەنەسەر: چاوخستنەسەر بەرێوبرن، پۆلسی، هەلسەنگاندن، چاودێری، و پشتگری دارایی جێبەجێکارەکان<br>زانیاری پێویست: ئاستی وەڵامەکان بۆ کاروباره مرۆییەکان، ڕێکخراوی هەمەجۆر، پاڵپشتی دارایی. |
| "جێبەجێکارەکان" |
| کێن ئەوان: ڕێکخراوی ناحکومی نێوخۆی و نەتەوەیی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، زۆرجار دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (مامەڵە ئەکەن وەکوو وەڵامدەرەوە بۆ قەیرانەکان، لەکاتێکدا خزمەتگووزاری و هاوکاری راستەوخۆ دەگەیەننە خەڵکانی توشبوو بەقەیران)<br>ڕۆڵەکانیان: بەڕێوبەری مەیدانی، بەرێوبەری کامپ، بەرێوبەری پرۆژە، ، بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان<br>تیشک خستەنەسەر: دیزاین و سەرچاوەکانی پاڵپشتیە داراییەکان و جێبەجێکردنی پرۆگرامەن بۆ سودمەندبووان.<br>زانیاری پێویست: زانیاری بەڕێوبەردن ( دڵنیای ئەمنی و دەستگەشتن بەزانیای، 3/4W زانیاری) پێویستی بەزانیاری هەڵەسەنگێندراو و بەسوود هەیە. |

**نەخشەی یەکەم: `ڕێکخەرەکان` و `جێبەجێکارەکان`**

`جێبەجێکارەکان ` ئەوانەن کە دیزاین، پاڵپشتی دارایی، و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان ئەنجامدەدەن لە ناوچە لۆکاڵیەکان، لەهەمانکاتدا، خزمەتگوزاری دەگەیەنن بەخەڵکانی زیانبەرکەوتوو( ئەمان بریتین، لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان). ئەم ڕێکخراوانە پێویستیان بەباشتر بەڕێوبەدنی داتایە (لەوانە، دەستگەشتن بەداتا، داتای ئەمنی، وە داتای

(3/4W[13]. هەروەها، پێویستیان بە داتی سودبەخش و هەڵسەنگێدنراوە بۆ باشتر دیزاین و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانیان، وە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان لەوشوێنانەی کەزۆرترین پێوستیان هەیە. ئەم خاڵە بەدیاریکراوی زۆر گرنگە لەعێراقدا، کە لەتەواوی وڵاتدا هاولاتیان ئاوارەبوون. بەهۆی سروشتی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان و ئەو پرۆگرامە دیاریکراوانەی کە پێشکەشی دەکەن، داوایانکرد ئەم زانیاریانە زانیاری بەوەخت، نوێ، ورد ودرشت، و پشتڕاستکراو بێت. `جێبەجێکارەکان` وتیان کە ئەم زانیاریانەیان پێویستە بۆ وەگەڕخستنی شارەزاییان لەوشوێنانەی کە زۆرتریان پێویستیان هەیە، بۆ کەمکردنەوەی دووبارەبوونەوەی هەمان پرۆگرام و خزمەرگوزاری، بۆ ڕێگەگرتن لە دروست بوونی بۆشایی لە جێبەجێکردن و بەڕێوبردنی کاروبارەکاندا. بۆ تێگەشتن لەم ئەڵەنگارییانە کە ڕێکخراوەکان و لایەنەکانی تر ڕوبەڕووی دەبنەوە لە بەدەستهێنانی و بەکارهێنانی داتا، گرنگە بزانرێت کە ئەوان داتای دیارییکراو بەکاردەهێنن و پێوستیان بە داتایی نوێە، بەوردەکاریی زیاترەوە. نەخشەی دووەم، کە داتاکانی لە قۆناخی سەرەتایی ڕاپرسیەکەدا کۆکرایەوە، لێکچوونی نێوان ئەو دووجۆرە داتایە پیشاندەدات کە وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە وەکوو داتای سەرەکی بەکاریانهێناوە مانگانە لەکاروبارەکانیان و وە چ جۆرە داتایەکیان زیاتر پێویستە:




## نەخشەی دووەم: جۆری داتای بەکارهێنراو و پێویست لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسییەکە

لەبارەی بەکارهێنانی داتاوە[14]، وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکا ڕونیانکردەوە کە ئەوداتەیەی زۆرترین جار بەکاریدەهێنن پەیوەست بوو بە هەڵسەنگادنی پێویستیەکان (٧٢% وەڵامدەرەوەکان)، 3W و 4W (٥٢% وەڵامدەرەوەکان)، چاودێریکردن (٤٦%)، نەخشەکردن و شوێن دیاریکردن (٤٦%)، وە داتای دانیشتوان و دیمۆگرافی (٤١%). ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرا ئاماژەیان بەوەدا

---

[13] داتای 3/4W ئەو داتایەیە کە ئاماژە بەوەدەکات کێ چی دەکات و لەکوێ( بۆ نموونە، ئەو داتایانەن شوێنی چالاکیەکان پیشاندەدات، وە چ ڕێکخراوێک ئەو چالاکیانە ئەنجام دەدەن لە سێکتەرێکدا، لەگەڵ ئاساتی پاڵپشتییە داراییەکان. داتا سەرەتاییە دابینکراوەکان بەکاردەهێنرێن بۆ زانیاری بەخشین بۆ مەبەستی شیکاری بۆشایی کاروبارەکان. کۆکردنەوەی داتای 3/4W پێویستە ئەنجامبدرێت لەلایەن بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان.

[14] پرسیاری ڕاپرسی: چ جۆرە داتایەک بەکاردەهێنیت بەلای کەمەوە یەکجار لەمانگێکدا (هەموو هەڵبژاردەکان دیارییکە کە لیستەکەدا دەگونجێت)

که ئەم داتایانە بەکاردەهێن بۆ تێگەشتن لە هەمەچەشنی پێویستیەکانی خەڵکە ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان، وە بۆ دیزاین کردنی خزمەتگوزاری پێویستی هەمەچەشن. وەڵامدەرەوەی ڕاپرسییەکە وتیان کەیەکەمین و گرنگترین داتا کەپێویستیانە[15] داتای هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانە (٧٥% وەڵامدەرەوەکان) وە داتای دانیشتوان و دیمۆگرافی (٥٦%). لەدوای ئەوانەوە داتای نەخشەکردن و شوێن دیاریکردن (٥٦%)، ئەمنی (٤٥%)، وە داتای چاودێریکردن (٤٤%).

**دۆزینەوەی دووەم: زانیاری دارایی زیاتر سودبەخشە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە کاری ڕێکخستنی کاروباره مرۆییەکان دەکەن، بەڵان بابەتی کوالێتی داتا دەبێت گەرگەشە بکرێت بەخێرایی.**

لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە زانیارییە داراییەکان، ئەوانەی کە نێردراون بۆ (AITI) و سیستەمی چاودێری دارایی سەر بە ئۆفیسی کاروبارە مرۆییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (Financial Tracking System (FTS))، زیاتر بەکاردەهێنرێن و ناسراوترن بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە بە `ڕێکخەرەکان` ئاماژەیان پێدراوە. لەسەر ئاستی جیهان، ستانداردەکانی AITI و FTS دانراون وەکوو ستانداردی سەرەکی بۆ دۆزینەوە و بەدواداچوون بۆ داتاکان لەسەر پاڵپشتییەداراییەکان کە تەرخانکراون بۆ قەیرانە مرۆییەکان. زانیاری لەسەر کێ پاڵپشتی چی دەکات، وە پاڵپشتیەکان بۆ چ سێکتەرێک تەرخانکراون بۆ عێراق دەکرێت بدۆزرێتەوە بەبەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بۆ ئەم زانیاریانە. لەماوەی قۆناخی ڕاپرسییەکەدا، تیمی لێکۆڵەرەوە بۆیان دەرکەوت کە ١٧% وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکان رایانگەیاند کە ئەم جۆرە داتایە بەکاردەهێنن بەزۆری، کە بریتیبوون لەڕێکخراوە نێوخۆی و نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ کۆمەڵێک لەدەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخەرێکی تری کاروبارەکان. وەهەروەها، ٣٠% وەڵامدەرەوکان ئاماژەیان پێدا کە پێویستی زایاتریان بە زانیاریی دارایی هەیە (نەخشەی دووەم ببینە). بەهەمانشێوە، ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان زۆرینەی ئەمان بوون، بەدوایاندا دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە ڕێکخەرەکانی تر هاتن.


یەکێک لەوتێبینیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەپێویستە جێی سەرنجبێت بریتییە لە جیاوازی نێوان وەڵامەکان بۆ ڕاپرسیە ئۆنلاینەکەو و گفتوگۆی چاوپێکەوتنەکان. یەکێک لە وەڵامکان بۆ ئەم جیاوازییە، باسکرا لەلایە تیمی لێکۆڵینەوە، برتییە لەوەی کە وەڵامدەرەوەی ڕاپرسییەکان وەڵامیان داوەتەوە `لەبری قەیرانەکان خۆیان`، واتە هەوڵیان داوە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنای داتا دروستبکەن و پێویستیەکانی داتا پیشانبدەن، نەک پیشاندانی تێروانینیان بۆ ڕۆڵەکانی خۆیان، ڕێکخراوەکانیان، و ئامرازەکانی تر، کە ئاسانتربوو بۆ دۆزینەوە بەچاوپێکەوتنی کەسی. تیمی لێکۆڵەرەوە بۆیان دەرکەوت کە لەچاوپێکەوتنەکاندا زانیاری دارایی کەمتر باسی لەبارەوەکرا. لەکاتی گفتوگۆکاندا، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخرەکان، بەخشەرەکان، وە حکومەتی ناوەندی ( لەوانە، ئەو ڕێکخراوانەی کە لەبەشی سەرەوەی کاروبارە مرۆییەکانن) ئاماژەیان بەوەدا کە پێویستیان بەزانیاری دارایی هەیە بۆ باشترتێگەشتن لە ئاستی کاروبارە مرۆییەکان، وەکوو وەڵام بۆ قەیرانەکان. ئەوان بەدیاریکراوی دەگەڕان بۆ زانیاری ذارای لەسەر سێکتەر، ڕکێخراو، و پرۆگرامی دیاریکراو، بەڵان هەروەها زانیاری گشتگیریان دەویست، لەوانە لەسەر پاڵپشتییە داراییە بەخشراوەکان بەبەروار بەڕادەی خەرجکراواکان، یاخود ئاستی پاڵپشتی دارایی بەخشراو بەپێی سێکتەرەکان. حکومەت داوکاری ئەم زانیاریانەی کرد بۆ ئاگاداربوون لە ئاستی ئەو پاڵپشتیەداراییانەی کە دێنە وڵاتەکەوە وە بۆ پلاندانانی بودجەکەیان بەپێی پاڵپشتیەداراییەکان. لەئێستا، ئەم زانیاریانە، تاڕادەیەک، دەکرێت بدۆزرێتەوە بەبەکارهێنانی FTS و IATI.

---

[15] پرسیاری ڕاپرسی: پری زیاتری چ جۆرە داتایەکت پێویستە؟

*"ئێمە ئەم پلاتفۆرمە (FTS) بەکاردەهێنین وەکوو ئامرازێکی گرنگ بۆ تۆماکردنی بەخشینە داراییەکان. بەکاریناهێنین وەکوو ئامرازێک بۆ بڕیاردان، بەلان وەکوو ڕێگەیەک بۆ ئەوەی بزانین ڕێکخراوەکانی تر لەعێراقدا چی دەکەن،" **بەخشەر.***

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان (ئەوانەی بە جێبەجێکارەکان ناسراون)، ئاماژەیان بەوەدا کە لەکاتێکدا سیستمی *FTS* و *AITI* دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە بەدەستێهێنانی پاڵپشتی دارایی، بەڵام ڕاستییا، ئەوان پێویستینان بە داتای هەمەشچەشنی ترە، لەوانە تێچوی کەرەستەکان بۆ بنیادنان و نۆژەنکردنە خانووە زیانلێکەوتووەکان وە تێچووی گواستنەوەی کەرەستە ناخۆراکییەکان چەنە (لەوانە تەباخی غاز و پێداویستی ناوماڵ) بۆ کەمپی ئاوارە و پەنابەرەکا  لەتەواوی وڵاتدا. ئەمە بەهۆی ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیانەیە کە ڕێخراوەکان هەیەنا لە کاروبارە مرۆییەکان، وە ئەم داتایانەیان پێوستیە بۆ پرۆگرامەکانی داهاتوویان و دانانی ئاستی بودجەی پرۆژەکان. زانیاری دارای لەسەر بابەتەکانی دابینکردن بەتایبەتی پێویستبوو بۆ ڕێکخراوە نێوخۆییەکان، کە بەزۆری خزمەتگوزاری دەگەینن و پرۆژەکان جێبەجێدەکەن لەبری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. زانیاری وردتر و زیاتر لەبارەی دابینکردن و بازارە لەئێستاتە ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت بەبەکارهێنانی *AITI* یاخود *FTS*. ئەم زانیارییە داراییە جیاوازانە پێوست بوو بۆ "جێبەجێکارەکان"،  وە جەختیان لێکرایەوە بەو ڕاستییەی کەبەکارهێنان و هۆشیاری دەربارەی ئەم دوو پلاتفۆرمە کەمە. لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە، تەنها ٥% ئامەژەیان بەوەدا کە زانیاریان دەربارەی AITI هەیە وتەنها ڕێژەی ١% وتیان کە پێشوتر داتاکانی AITI یان بەکارهێناوە. لەکاتێکدا هۆشیاری لەبارەی پلاتفۆرمی FTS (٤٧%) زیاتربوو لە AITI، بەکارهێنانی لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە هێشتا لەئاستێکی نزمدایە بەڕێژەی ١٧%. لەهەردوو پلاتفۆرمەکەدا، ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە داتابەرزدەکەنەوە، دووبارە، زۆر نزم بوو، لە ١% وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە داتا بەرزدەکەنەوە بۆ AITI و لە ١٣% بۆ FTS (سەیری نەخشەی ٣ بکە).




**نەخشەی سێیەم:  هۆشیاری، بەکارهێنان، و بەرزکردنەوەی داتاکان بۆ ستانداردەکانی AITI و FTS لە نێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە.**

لەماوەی چاوپێکەوتنەکاندا، تیمی لێکۆڵەرەوە بۆیان دەرکەوت کە بەکاهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی AITI و FTS دڵەڕاوکێکی زۆریان هەیە لەکوالێتی داتاکانی دوو پلاتفۆرمە ناوبراوەکە. بەکارهێنەران بەدیاریکراوی گومانیان لەسەر گشتگیری، بەوەختی، پەیوەستی داتاکانەوە هەبوو، وە تا چ ڕادەیەک دەتاکان پشتڕاستکراونەتەوە، وە لەئەنجامدا، داتای ڕاست وردن. لەکاتێکدا دەکرێت بەشێک لەم نیگەرانیانە بگەڕێنرێتەوە بۆ کەمی بەردەستخستنی داتاکان بەستانداردەکانی دوو پلاتفۆرمەکە لەلاین ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە، بەڵام ئەم خاڵە وەڵامی نیگەرانیەکانی تر لەداتاکان ناداتاوە. نۆ نموونە، `ڕێکخەرەکان` دەیانویست داتای هاتوچۆ دارایەکان ببینین بۆ پلانی کاروبارە مرۆییەکان و پلانەکانی تریش لە وڵاتدا. لەگەڵئەوەشدا، یەکێک لەو کێشانەی کە تیشکی خرایەسەر لەلاین دیمانە لەگەڵکراوەکان برتیبوو لە ڕێژەی پاڵپشتیەداراییەکان بۆ  ئەوپالانانەی کە وابەستەنین بەپلانی کاروبارە مرۆییەکان، کە ناتوانرێت بەبەکارهێنانی FTS بدۆزرێتەوە- ئەمە کێشەیەکی سەرەکیەکە بۆ ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی تر چونکە عێراق قۆناخی بەدیاریکراوی هاوکاری مرۆیی تێدەپەڕێنێت و زیاتر قۆناخی گەشەپێدان. لەبارەی AITI، ئۆفیسە نێخۆییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و بەخشەرەکان ئاماژەیان بەوەدا کە هەموو کات ناتوانن داتاکان جیابکەنەنەوە کە نێردراوە بۆیان لەلاین ئۆفیسە جیهانیەکانیانەوە، بەهۆی ئەوەی کە داتا نێردراوەکان گوزارشت لەو ڕاستییەناکات کە ئەوان لە مەیدانەکەدا دەیبینن. یەکێک لە بەخشەرەکان بەدیاریکراوی وتی پرۆژەی بزربوو، زانیاری دەسپێکردنی ناردروست، و جێبەجێکاری نەزانراویان هەبووە. ئەم نیگەرانیانە لەکوالێتی داتای ئەم دوو پلاتفۆرمە متمانەی ڕێکخراو و دەزگاکانی تریان کەمکردۆتەوە. لەدەرەنجامدا، تیمی لێکۆڵینەوەی هیچ کەیسێکیان لەمەیدانی کارکردندا نەدۆزییەوە کە ئەم دوو سەرچاوەی داتایە بەکارهێنرابن بۆ بڕیاردان لەبارەیانەوە. بەڵام پێویستە تێبینیبکرێت کە لەعێراقدا میکانیزمەکان، ڕاپۆرتەکان، و خشتەی مانگانەی پاڵپشتیەداراییەکانی FTS هەندێکجار بەکاردەهێنرێن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لە کۆبوونەوەی ڕێکخەرەکاندا، لەوانە لەکۆبوونەوەی باڵادا.

هەلێک پێشکەشرا لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا، بەدیاری لەگەڵ ئەوانەی کە کاریان لەگەڵ گروپە ڕێکخەرەکان دەکرد، کە بریتی بوو لە پێویستی بۆ داتای ناداراییەکان، کە ئێستا پلاتفۆرمی AITI توانای دۆزینەوەی هەیە، بەدیاریکراوی دەرەنجام و هەڵسەنگاندن بۆ ئەوداتایانەی کە دەربارەی پرۆگرامەکانی ئێستاو تەواوبووەکانن. دەزگالان، لەوانە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەخشەرەکان، ئەم جۆرە داتایانەنیان دەویست بۆ باشترتێگەشتن لە کاریگەری چالاکی پرۆژەکانیان، کە جێبەجێدەکرێت لەلاین ڕێکخراوە نێوخۆی و نێودەوڵەتیەکانەوە، بۆ ئەوەی بتوارێت، دووبارە برکێنەوە، ئاستیان بۆدانرێت، و ڕێکبخرێنەوە. لەهەمان کاتدا، ویستیان توانایان هەبێت بۆ فێربوون لە ئەزموونە باشترینەکانی لایەنەکانی دیکەوە. بۆ ئەمە، ڕێکخراو و دەزگاکان پێوستیان بە داتا دەرچووەکان (لەوانە ڕاپۆرتکان، هەلەسەنگاندنەکان، و پوختەکان هتد) و خشتەی داتاکان (لەوانەExcel  و CSV هتد) بوو، لەگەڵ میتۆدۆلۆجی بەکارهێنراو بۆ کۆکردنەوەی داتاکان بۆ لێکۆڵیەنەوە لەئاستی متمانەداری داتاکان.  دووبارە، گومان هەبوو لەسەر کوالێتی ئەم داتاینە، وە ئەو ڕاستیەی کە دەبێ داتاکان بەوەخت و نوێ بن گەر بەکاربهێنرێن لەپرۆسەی بڕیارداندا.

| |
|---|
| داتا لە بەکارهێناندا<br>لەماوەی چاوپێکەوتنە مەیدانیە گرنگەکاندا، تیمی لێکۆڵینەوە چەند نموونەیەکیان بەرگوێ دەکەوت لەلاین ئەو ڕێکخراو و دەزگایانەی داتاکانی FTS بەکاردەهێنن.<br>یەکێک لەڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەتیمی لێکۆڵینەوەی وت کە ،"ئەوان FTS بەکاردەهێنن وەکوو ئامرازێکی گرنگ بۆ تۆمارکردنی پاڵپشتیە دارایە بەخشراوەکان،" وە لەکاتێکدا، ،"پلاتفۆرمەکە بەکارناهێنن وەکوو ئامرازێک بۆ پرۆسەی بڕیاردان." بۆیان دەرکەوتووە کە پلاتفۆرمەکە سودبەخشە بۆ تێگەشتن لەوەی چ ڕێکخراوێک چ کارێکی مرۆیی دەکات.<br>ڕێکخراوێکی تری نێوخۆیی وتی کە،"ئێمە ئامارەکانی [FTS data] بەکاردەهێنین کاتێک دەمانەوێت بزانین سێکەترێک چۆن پاڵپشتی دارایی کراوە، بۆ ئەوەی بزانن بۆشاییەکان لەکوێدان، وە لەکاتی نوسینی پێشنیارەکان. داتاکان باشن،" |

دۆزینەوەی سێیەم: کۆکردنەوەی داتا، شیکاری، و بەکارهێنان سنورداربوون لەلایەن ڕێکخستنێکی داتایی ناکاریگەر، لەکاتێکدا ڕێکخراو و دەزگاکان دەگەڕێن بۆ داتای کوالێتی باش و گشتگیرتر.

*"ڕێکخراوی جیاوازی زۆر داتا بڵاودەکەنەوە. هەندێک جار دۆزینەوەی داتا ڕاستەکە قورسە. هەندێک ڕێکخراو داتاکانیان زۆر دەپارێزن و نایانەوێ دۆزینەوەکانیان بڵاوبکەنەوە. بەژدارییپێکردنی داتا دەکرێت باشتربکرێت،" **ئەندامی ستافی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وایگووت.***

بەژدارپێکردنی ناکاریگەری داتا، کە خراپتربووە لەلاین هەماهەنگی لاوازەوە، بەردەستی و کوالێتی داتا دوادەخات، کەدەبێتەهۆی سنوردارکردنی بەکارهێنان و شیکاری داتاکان لەلەیان ڕێکخراوەکانی کاروبارە مرۆییەکان. زیاتری لە نیوەی وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە لە عێراقدا وتیان کەڕێخراوەکانیان داتا بەژداری پێدەکەن بۆ بەگشتی باشترکردنی هەماهەنگی لەکاروبارەکاندا. بەڵام، تیمی لێکۆڵینەوە لەمەیدانی کارکردندا بۆیان دەرکەوت کە ڕێکەوتنی بەژدارپێکردنی داتا و یاداشتنامەی تێگەشتن (Memorandums of Understanding (MoUs، بەدیاریکراوی لە نێوان دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و حکومەت، بەشێوەیەکی بەردەوام بەکارناهێنرێت. ئەمە بوەتە هۆکاری خۆدزینەوەی زۆربەی ڕێکخراوە بۆ بەتەنها بەژدارپێکردنی ئەو داتایانەی کە پێویستە بۆ ڕاپۆرت نوسین و compliance purposes, وە ئەمە بوەتە هۆی کەمی دەرکەوتن و بەردەستی داتا لەنێوان ڕێکخراو ودەزگاکاندا. لەکۆتاییدا، بڕیاری گرنگ دەدرێت بەبێ هەبوونی زانیاری پێویست بۆ دەکردنی بڕیارەکان. هەروەکوو ئەندامێکی ستافی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێدا، ،" زۆربەی ڕێکخراوەی نزمترین ئاستی کوالێتی داتا و پری داتاکە بلاودەکەنەوە، کە داواکراوە لەلایەن بەخشەرەکانەوە." بۆ نموونە، تیمی لێکۆڵینەوە چەند جارێک لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا گوێیان لێبوو کە چەند لایەنێک، بەتایبەت دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، نایانەوێ داتا هەڵسەنگێندراوەکانیان بلاوبکەنەوە. دیمانە لەگەڵکراوەکان ئاماژەیان بەوەدا بەئەمە دەبێتە هۆکاری پێویستی بۆ هەڵسەنگاندنی دووبارە بۆ داتاکان و بەفیڕۆدانی سەرچاوە سنوردارەکان. یەکێک لە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان ئاماژەی بەوەدا کە تەنەنانەت کاتێک داوایان لێدەکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستیەکان بۆڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووە، ئەوان ناتوانن هەڵسەنگان بۆ پێوسیتەکانی پێشوو ببینن. نەبوونی هەماهەنگی داتا لەنێوان ڕێکخراوەکان بوەتە هۆی نایەکسانی داتا، کە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان، وەکوو بەشێک لە بەرپرسیاریەتیان بۆ بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت، پێویستیانە داتای چڕوپڕ بۆ سەرو خۆیان بەرزبکەنەوە، لەکاتێکدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان داتاکا بۆ خواروی خۆیان دابیناکەن. لەدەرەنجامدا، متمانە و هاوئاهەنگی لەنێوان ڕێکخراوە گەورەکان و نێوخۆییەکان داتاشراوە.


*"سیستەمی تۆری ئەو ئامارازەیە کەئێمە بەکاری دەهێنین بۆ کۆکردنەوەی هەموولایەنەکان- ئەگەر تۆ بەشێک نەبی لەم تۆرە، ئەگەر ببیستینی دەنگی تۆ کەمترە،" **ئەندامی ستافی دەزگای نەتەوەیەکگرتووەکان وایگوت.***

بۆ ڕێکخراوە نێوخۆییەکان، بەکورتی، بەدەستهێنانی ئەم جۆرە داتایانە قورسە. ژمارەیەک ڕێکخراوی نێوخۆیی پێیانگووتین کە هەستیان بەدەرکردنیان دەکرد لە کۆبوونەوەی ڕێکخستنی کاروبارەکان، بەدیاری کراوی کۆبوونەوەی تۆرەکە، کە تیایدا زانیاریان بەدەستدەهێنا وە وایدەکرد کەشێوازی نافەرمی بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کە پێویستیان پێیە. یەکێک لەبەژداربوانی چاوپێکەوتنەکان هۆکاری ئەمەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە زۆرێک لە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان تێگەشتن و هۆشیاری پێویستیان نییە بۆ نزیکبوونە سیستەمی ڕێکخراوە نێودەڵەتیەکان، کەوادەکات بەژدارییەکی لاوازیان هەبێت لەکۆبوونەوەی تۆری ڕێکخراوەکان. بەژداربووانی کۆبوونەوەی تۆرەکان ڕێگەدەدەن بۆ باشتر ناساندنی ڕێکخراوە نێوخۆییەکان کە

کاردەکان لە سێکتەرەکەدا. لەهەمان کاتدا، ئەو ڕێکخراوە نێوخۆییانەی کە بانگێشتکراون بۆ کوبونەوەی تۆڕەکان پەیوەستکراون بە ئاستێکی پاپەندبوونەوە، بەڵام ژمارەیەک بەربەستیش هەیە، لەوانەیە تێچووی بەجێهێشتنی کاروباری مەیدانی بەمەبەستی بەژداری لە کۆبوونەوەکەو بەربەستەکانی دیکەش، وەکوو زمانی نوسراوەکان و کۆبوونەوەکان. یەکێک لە ئاڵەنگارییەکانی تر، کە پێویستە ڕەچاوبکرێت، پەیوەستە بە تیشکردنە سەر گەشەسەندی مرۆیی. هەروەک چۆن کاروبارە مرۆییەکان لە عێراقدا لە قەیرانەوە دەچێتە قۆناخی گەشەسەندنی درێژ خایەنەوە، هێڵی پەیوەندیەکان بۆ ئەم کاروبارانە ناڕونە. ئەمە کاریگەریکەی دیاریکراوی هەیە لەسەر پەیوەندیەکان و ئاڵوگۆری زانیاری لەنێوان ڕێکخراو و دەزگاکانی دوو سێکتەرەکە: قەیران و گەشەسەندن. یەکێک لەدیمانە لەگەڵ کراوەکان تیشکی خستسەر ئەوەی کە ئەوان بە زۆری هەستەدەکەن کە تێگەشتنێکی فراوانتریان هەیە بۆ کاروبارە مرۆییەکان، بەڵام توشی کەمی زانیاری دەبنەوە لەبارەی چیاوازی گەشەسەندن مرۆیی بەبەراورد بە قەیرانە مرۆییەکان. ئەمە قسەیە دووپاتکرایەوە لەلاین ئەندامێکی ڕێکخراوی چیهانی بۆ کۆچ، *"سیستەمێکی هاوتەریب یا بنجینەیی نییە. ئەمە پێویستە باشتر بکرێت و پێویستە قسە و باسی زیاتری لەسەر بکرێت. هەروەک کاروباری قەیرانە مرۆییەکان تەواو دەبێت، پەیوەندیەک نییە لە نێوان تۆری ڕێکخراوەکان و دەزگاکان بەرەو کاروباری پەرەسەندن،"* لەکاتێکدا سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئۆفیسی هەماهەنگی گەشەسەندنی Development Cooperation Office (DCO)[16] دامەزراندووە، میکانیزمێکی سەرەکی نییە بۆ بەژدارپێکردنی سێکتەرە مرۆیی و گەشەسەندنەکان، کەوادەکات ئاڵوگۆری زانیاریەکان قورس بێت.

نەبوونی یاسا و ڕێکاری پێویست لەبارەی هەستیاری داتاوە وایکرد بیرۆکەی دژبەیەک بێتەئاراوە لەبارەوەی ئەوەی کە چ داتایەک دەکرێت بەژداری پێبکرێت، چۆن و بەچ شێوازێک. داتای هەستیار هەر داتایەکی کەسی و دیموۆگرافی کە بناسرێتەوە دەگرێتەخۆ (بۆ نموونە، ناوی هاوڵاتیان کە هاوکاری وەردەگرن و ناویان لە تۆماری کەمپەکاندا هەیە). لەوڵاتێکی وەکوو عێراق، کە پاراستنی خەڵکی سیڤیل و ئاوارەکان گرنگە، بەخشینی داتای هەستیای بەشێوازێکی سەلامەتی بەردەوام پێویستە. لەکاتێکدا جەندەها ڕێکخراو یاسای تایبەتی داتای هەستیاربەخۆیان هەیە، ڕێبەرێکی گشتی نییە بۆ بەژدارپێکردنی داتاکان لە کاروبارەکاندا. لەدەرەنجامدا، نزیکی چارەکێک لەوەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە گوتیان کە ئاڵەنگاری سەرەکی کە ڕێیگریان لێدەکا بۆ بەژدارپێکردنی داتاکان بریتییە لە سروشتی هەستیاری داتاکانیان. وتیان کە بەدیاریکراوی دوودڵبوون لە بلاوکردنەوەی داتای ئەمنی، هەڵسەنگادنی پێویستیەکان، نەخشە وشوێنەکان، و داتای چاودێریەکان (نەخشەی چوار ببینە). ئەمە ڕەنگدانەوەی سروشتی هەستیاری ئەم جۆرە داتایانەیە، بەڵام گرنگە بزانرێت کە ئەم جۆرە داتایانەی خوارە زۆرترین بەکارهێنان و پێویستیان هەیە لە نێوان ڕێکخراو و دەزگاکاندا.

[16] http://www.uniraq.com/index.php?option=com_k2&view=item&layout=item&id=951&Itemid=619&lang=en




**نەخشەی چوارەم: چ جۆرە داتایەک هەست بەئاسودەیی ناکای بەبڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی گشتی لە عێرقدا؟**

هەندێک لە دیمانە لەگەڵکراوەکان ئاماژەیەن بەوەدا کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ونەتەوەیەکگرتووەکان زۆرجار بەهیچ شێوەیەک داتا بەژداری پێناکەن. ڕێکخراوێکی نێوخۆیی گوتی بەژدارپێنکەردنی داتا لەکاتێکدایە کە دەکرێت داتاکان بەسەلامەتی تایبەتمەندی کەسیەکان بشاردرێتەوە گشتگیربکرێن بۆ کەمکردنەوەی هەستیاریان. هەندێک چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئەوەیان خستەڕوو کە ئەگەر ئەوان شەفافبن لەبارەی ئەوەی لەگەڵ کێدا ئیشدەکەن و لەکوێ ئیشدەکەن، لەوانەیە شەفافیتیەکە مەترسی لەسەر ستافەکەنیان دروستبکات و لەمپەر بخاتە بەر گەشتنیان بە ئاوارە و کەمپی دیاریکراو. بۆ نموونە، تیمی لێکۆڵینەوە گوێیان لێبوو کە گرژی دروست بوو لەلاین یەکێک لەڕێکخراوەکان، کە گەشتۆتە ڕادەی پەلاماردانی ستافی ڕێکخراوێکی نێوخۆیی، بەهۆری بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی پاڵپشتیە داراییەکان، بەدیاریکراوی لەبارەی ئەو شوێنەی کەپاڵپشتیە داراییەکەی لێوەرگیراوە. ئەم ئەم مەترسیانە دەبێت لەبەر چاوبگیرێت و پرنسپی `زیان پێنەگەیاندن` ڕەچاوبکرێت، بەڵان نابێت ئەمە بەکاربهێنرێت وەکوو بەهانەیەک بۆ بڵاونەکردنەوەی داتا بەهیچ شێوەیەک،

| |
|---|
| داتا لە بەکارهێناندا<br>یەکێک لەڕێکخراوەکان لەعێراقدا گرنگی توانای بەڕێوبردنی داتای نیشاندا. ئەم ڕێکخراوە دوو کەسی هەیە، یەکیان وەکوو بەڕێوبەری ڕێکخستنی داتاکان هەیە و ئەوی تریان وەکوو یاریدەدەر ڕێکخستن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو داتا هاتوانەی کە لەمەیدانی کاکردندا کۆکراونەتەوە. ئەمە ڕێگەی بە ڕێکخراوەکە داوە بۆ بەژدارپێکردنی داتاکانی بەشێوەیەکی گشتگیر و بەوەخت لە نێوان ٤٩ هاوبەشی کارکردنیدا، ئەوانەی لە پلانی کارووبارە مرۆییەکان و پلانەکانی دیش کاردەکەن، ئەویش لەڕێگەی دابینکردنی ئینفۆگرافیک، نەخشە، ئامرازەکانی تری پێشکەشکردنی داتاکان (هەتاوەکوو ئابی ٢٠١٩، کە چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدراوە). ڕێکخراوەکە کاروباری پلاتفۆرمی HumanitarianResponse.info وەکوو پلاتفۆرمی سەرەکەی ناساندووە بۆ بەدەستهێنانن و بەژدارپێکردنی داتا. ڕێکخراوەکە وتی،" ڕێکخراوەکانی تر دەکرێت لەئێمەوە فێربن. بەڕێوبرنی زانیاریەکان وادەکات کە کاریگەرتر و کاراتر بین. واتە ئێمە وەڵامدەرەوە دەبین و توانای بینینی داتاکانمان باشتردەکەین. وای کردووە ڕێکخراوەکان زیاتر ڕاستی بین بێت. |


لەتەواوی عێراقدا بەڕێوبرندی زانیاریەکان لە کاروبارە مرۆییەکاندا لاوازە. ڕێکخراوە مەیدانییەکان گوتیان کە داتایەکی زۆر بەردەسەتە، بەڵام نەبوونی بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان لە ناو ڕێکخراوەکاندا لەمپەری خستۆتە بەردەم شیکاری، بەکارهێنان، بەژداری پێکردنی کاریگەری

داتاکان. گروپە ڕێکخەرەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان سەرنجیان هەبوو لەسەر نەبوونی توانای بەڕێوبردنی زانیاریەکان، لەهەردوو باری هەبوو بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان و ئەو دەسەڵاتەی کەهەیانە، کە مانای وایە کە توانای تەکنیکی بۆ بابەتەکە و ڕێبەرێک بۆ باشترکردنی ئاڵوگۆڕی داتای کاریگەر بەردەست نییە. بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیارییەکان بەگرنگ دەبینرێت بۆ ڕێکخەرەکان، هەروەک چۆن ئەوان مامەڵە دەکەن لەگەر بڕێکی زۆری داتای هەمەجۆری هاوباشەکان، کە پێویستە شیکار بکرێن، پتەوبکرێت، و ڕێک بخرێن، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ئاسان هەموو هاوبەشەکان هەمان کۆمەڵە داتا بەکاربهێنن. ئەم خاڵە گرنگە بەپێی وەڵامی راپرسیەکە. لەعێراقدا، ڕێکخەرەکان و ڕێکخراوەکان سەرچاوەی سەرەکی داتان بۆ وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە (٣٧%). نەبوونی توانای ڕێکخستنی زانیاریەکان چەند ئاڵنگارییەک دروست دەکات بۆ ڕێکخەرەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نێوخۆییەکان، لەوانە:

I. ئەندامی ستافەکان بەبێ کارامەیی زانیاری ڕێکخستن دەبێت کاروباری ڕێکخستنی زانیاریەکان ئەنجامبدەن، لەئەنجامدا دووریان دەخاتەوە لەو ئەرکانەی کەدەتوان باشتر بەڕێوەیبەرن.
II. ڕێکخراوە نێوخۆییەکان ڕووبەڕووی قورسی دەبەنەوە لە ناردنی ڕاپۆرتی بەوەخت بۆ ڕێکخەر و بەخشەرەکان بەشێوەیەکی گشتگیر. بۆ نموونە، ڕێکخەرەکان وتیان کە زۆر کات ڕووبەڕوی کێشە بوونەتەوە لەگەڵ هاوبەشە نێوخۆییەکان لەبارەی ناردنی داتای 3/4W.
III. کەمی تێڕوانین و ئاگاداری هەیە لەکاتی پەرەپێدانی میتۆدۆلۆجی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان.

دیمانە لەگەڵ کراوەکان باوەڕیان وابوو کە بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان گرنگە بۆ کاروبارەکان، وە ڕونیان کردەوە کە بەخشەرەکان ئامادەنین بڕێک پاڵپشتی دارایی دابینبکەن بۆ ئەم پۆستە. دیمانە لەگەڵکراوەکانی ڕێکخەرەکان و ڕێکخراوەکان وتیان کە ئەمە حالەتەکەیە بەدیاریکراوی لەبەر ئەوەی کە کاروبارەکان دەچنە قۆناخی دوای قەیرانەوە، کەتیشک دەخرێتە سەر گەشەسەندنی درێژخایەن، کە بودجەی کاروبارە مرۆییەکان دەهێنێتە ئاستێکی نزم. ئەمە قسەیە دووپاتکرایەوە لەلایەن ئەندامی ستافێکی ڕێکخراوێکی نێوخۆیی،″ هەروەک چۆنی کاروباری مرۆیی عێراق ڕێکخدەخرێتەوە لەسەر ئەوبنەمایەی کە چری قەیرانەکان کەمدەبێتەوە، کوالێتی و فراوانی داتا دادەبەزێت."

تێکرا: ٣,١   ژمارەی بەژداربووان: ١٠٨




## بەشەی پێنجەم: تاچەند ڕازیت لەکوالێتی ئەو داتایانەی کەبەگشتی بەردەستن لەسەر کاروبارە مرۆییەکان لەعێراقدا؟

دیمانە لەگەڵکراوەکان بەشێوازێکی بەردەوام تیشکیان خستە سەر قەڵەقیان لەبارەی کوالێتی داتاوە، وە هەندێک جار گشتگیری داتاکان (نەخشەی پێنج ببینە). ئەمە خاڵێکی گرنگە لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە چونکە گوتیان کە ئەوان داتاکان بەکاردەهێنن وەکوو ئامرازیی بەڵگەری بۆ دەرکردنی بڕیارەکانیان، وە بۆ ڕێکخستن لەگەڵ ڕێکخەر و ڕێکخراوەکانی تر. ئەگەر کوالێتی داتاکان خراپ بێت، دەکرێت وەڵامەکان بۆ کارووبارە مرۆییەکان پشتببەسێت بە داتای نادروست و ناتەواو. لەبەرئەمە، لایەنەکان گوتیان کە پێویستی هەیە بۆ باشترکردنی کۆکردنەوە، شیکاری، و بەکارهێنانی داتاکان بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکان بۆ باشتر تێگەشتن

و متمانەکردن بەوداتایانەی کە بەژدارپێکراوە لەنێوان ڕێکخراوەکاندا. لەکاتێکدا کارکراوە بۆ باشترکردنی هەماهەنگی کۆکردنەوەی داتاکان لەڕێگەی the multi-cluster needs assessment (MCNA) و the humanitarian programme cycle (HPC)، وە هەروەها لەڕێگەی پلانی گەشەپێدانی هەمە سێکتەر لەوانە پلانی کاروبارە مرۆییەکان، هێشتا، لایەنەکان پێیان وایە کێشەی کوالێتی داتا لە کاروبارە مرۆییەکاندا بەپێی پێویست ئاماژەی پێدراوە.

**دۆزینەوەی چوارەرم: بەرهێنای پلاتفۆرمەکان ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی داتان، بەڵام تێگەشت و ڕێکەوتنی سنوردار بۆ بەکارهێنانی داتا لەمپەری خستۆتە بەر بەکارهێنانێکی فراونتی داتا کارووبارە مرۆییەکاندا.**

لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە هۆشیاری و بەکارهێنان تیشکدەخاتە سەر چەند پلاتفرۆمێکی تایبەتکراو. لەڕاپرسیەکەدا، ٦٣ ڕێکخراو ناوی ٢٦ پلاتۆفۆرمیان هێنا کە بەکاریدەهێنن بۆ بەدەستهێنان و بەژدارپێکردنی داتا. ئەم پلاتفۆرمانە لەیان کۆمەڵە ڕێکخراو و لایەنی جیاوازەوە بەکاردەهێنرێت، لە دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، گروپە ڕێکخەرەکان، بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان. دیمانە لەگەڵکراوەکان ئاماژەیان بەوەدا کە ژمارە و کارەکانی پلاتفۆرمە بەردەستەکان بەسبوو بۆ پێویستیەکانیان لەکاتی دانانی پلانی کارکردن و پرۆگرامەکان. هەروەها، بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان بوو لە کاروبارە مرۆییەکاندا وە چ جۆرە داتایەکی دیاریکراو داواکراوبوو. بۆ "جێبەجێکارەکان" بەتایبەتی، ئەم داتایانە بریتیبوون لە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان، 3W و 4W، چاودێریکردن، نەخشەکردن و شوێنەکان، دانیشتوان و دیمۆگرافی.

| پلاتفۆرمەکان | هۆشیاری | بەکارهێنان |
|---|---|---|
| IOM's Displacement Tracking Matrix | 77 | 61 |
| ReliefWeb | 74 | 32 |
| HumanitarianResponse.info | 69 | 41 |
| REACH Resource Centre | 59 | 33 |
| Returns Working Group | 45 | 10 |
| UNHCR Operational Data Portal | 43 | 14 |

**خشتەی یەکەم: هۆشیاری وبەکارهێنانی پلاتفۆرمی سەرەکی لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە (ڕێژەی سەدی وەڵامدەرەوان)**

بەهۆی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی نێوخۆیی لەعێراقدا، پلاتفۆرمی DTMی ڕێکخراوی جیهانی بۆ کۆچ زۆرترین جار بەکارهێنرابوو. لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکەدا، ٧٧% هۆشیاریان هەبوو دەربارەی پلاتفۆرمەکە، لەکاتێکدا، ٦١% وتیان کە زوو زوو بەکاریدەهێنن. بەنزیکی هەموو دیمەنالەگەڵکراوەکان ئاماژەیان بەپلاتفۆرمەکەدا و تیشکیان خستە سەر متمانەی خۆیان بە داتاکانی ناو پلاتفۆرمەکە.

هەروەک یەکێک گوتی،" داتاکان سەرسورهێنەر و بێکۆتان؛ تەنانەت دەتوان ژمارەی ئاوارە گەڕاوەکان لە کەمپە جیاوازەکانەوە لە تەواوی وڵاتدا بەدەستبێنیت." متمان بە داتاکانی لەئاستێکی بەرزە بەهۆی هەبوونی ستافێکی چاودێی ٣٠٠ کەسی لەمەیداندا. لەدوای

پلاتفۆرمیDTM ، ئەو پلاتفۆرمانی کە هۆشیاری و بەکارهێنانیان هەیە بریتیەن ReliefWeb بە ڕێژەی ٧٤% بۆ هۆشیاری و ٣٢ % بۆ بەکارهێنان، پلاتۆفۆرمی HumanitarianResponse.info بە ڕێژەی ٦٩% بۆ هۆشیاری و ٤١ % بۆ بەکارهێنان، وە REACH Initiative resource centre بە ڕێژەی ٥٩% بۆ هۆشیاری و ٣٣ % بۆ بەکارهێنان.

لەدەروەی پلاتفۆرمی DTM، لایەنەکان ئەو پلاتفۆرم وسیستەمانەیان بەکاردەهێنا کەبۆیان دیاریکرابوو لەلاین ڕێکخەرەکانەوە، کەتایبەت بە پێویستی ڕێکخراوەیی وپرۆگرامەکانیانەوە. نموونەی ئەو پلاتفۆرمانەی ناویانهێنرا بریتین:

- Child Protection Information Management System (CPIMS+)
- Gender-Based Violence Information Management System (GBVIMS)
- WHO’s Early Warning, Alert and Response System (EWARN)
- Health Management Information Systems (HMIS).
- Information Management System for Mine Action
- iMMAP Mine Action Mapping
- Joint Rapid Assessment of Markets (JRAM)
- Education Monitoring Information System (EMIS)

حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆگرامی جیاوازی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ چاودێریکردنی هاوکارییەکان، کە بریتین لە سیستەمی بەڕێوبردنی گەسەندنی عێراقی the Iraq Development Management System (IDMS)[17] و سیستەمی بەڕێوبردنی گەسەندنی کوردی[18] the Kurdish Development Management System (KDMS). هۆشیاری و بەکارهێنان بۆ هەردوو پلاتفۆرمەکە زۆر لاوازە لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاسپرسیەکە. تەنها ٩% لەوان هۆشیاریان هەبوو لەبارەی IDMS ەوە، لەکاتێکدا هیچیان نەیانگوت کە بەکاریدەهێنن. لەبەرانبەردا، KDMS ڕێژەی هۆشیاری کەمتری هەبوو کە تەنها ٣% لە نێوان ڕێکخراوە مرۆییەکان، و ٢% لەوان گوتیان کە پلاتفۆرمەکەیان بەکارهێناوە پێشتر. هیچ یەکێک لە دیمانە لەگەڵکراوەکان ناوی دوو پلاتفۆرمەکەیان نەهێنا. سەیرکردنێکی کورتی داتاکانی دوو پلاتفۆرمەکە بۆشایی گەورەی داتا پیشاندەدەت.

لێکۆڵینەوەکە ئەوەی دەرخست کە ئەرک و ژمارەی پلاتفۆرمە بەردەستەکان پری پێویست بوون بۆ جێبەجێگەیاندنی پێویستیەکانی بەکارهێنەران، بەڵام نەبوونی ڕێکەوتن و ڕێبەرێک بۆ بەکارهێنان لەکاتی بەرزکردنەوە و بەژداریپێکردنی داتاکانە ئاڵەنگاری دروست کردبوو. لەعێراقدا، پلاتفۆرمی ئەکتیفیتی ئینفۆ ActivityInfo[19] ناهێنرا وەکوو پلاتفۆرمی سەرەکی بۆ بەرزکردنەوە و بەژداریپێکردنی داتا، پلاتفۆرمەکە بەدیاریکراوی بەکاردەهێنرێت بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنەکان، ڕێکخستنی زانیاریەکان، بەدواداچوونی کەیسەکان، وە هاوئاهەنگی نێوخۆی دەزگاکان ( لەوانە بەدواداچوونی داتای 3/4W). هەروەها، زۆر ناسراوە لە عێراقدا بەهۆی دیزاینە گونجاوەکەیەوە بۆ ناردنی چالاکییەکان کە دابەشکراوە بەپێی شوێنی جوگرافی و چەنەها هاوبەش بەکاریدەهێنن. پلاتۆفۆرمە ناسراوەکانی تر کە وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە وتیان بەکارەدەهێنن بۆ بەرزکردنەوە و بەژداریپێکردنی داتا بریتیبوو لە

[17] لە سیستەمی بەڕێوبردنی گەسەندنی عێراقی: https://idms.mop.gov.iq/
[18]سیستەمی بەڕێوبردنی گەسەندنی کوردی: http://kdms.mopkrg.org/#/Eng/EXTERNALASSISTANCEPROJECTS/List/1_1_1_1
[19]ئەکتیف ئینفۆ لەنێو پرسیایرەکانی ڕاپرسیەکەدا نەبوو لەبەر ئەوەی وەکوو پلاتفۆرمێک زانایاری لەبارەیەوە زانا لەماوەی چاوپێکەوتنەکاندا. سەردانی ئەم پەستەرە بکە بۆ زانیاری لەبارەیە ئەکتیف ئینفۆ: https://www.activityinfo.org/about/index.html

HumanitarianResponse.info بەڕێژەی ٢٢%، ReliefWeb بەڕێژەی ١٢%، REACH Resource Center بەڕێژەی ١٢%، وە UNHCR’s Operational Data Portal بەڕێژەی ١١%. پلاتفۆرمی گروپە ڕێکخەرەکان لەدوای ئەم پلاتفۆرمانە هات لەئاستی بەکارهێناندا. بەهۆی ژماوەی ئەو پلاتفۆرمانەی بەکاردەهێنرێن بۆ راپۆرت نووسین و ئامانجەکانی تری کارکردن، دیمانە لەگەڵ کراوەکان، بەدیاریکراوەی ئەوانەی ڕێکخراوە بچوکەکان، ئاماژەیان بەوەدا کە هەمووکات سەرچاوە و توانایان نییە بۆ فێرموونی کارامەییە تەکنیکیەکان بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان. هەروەکوو ئێستا چۆن ڕێکەوتنێک نییە لەسەر بەکارهێنانی چ سیستەمێک، زۆر قورسە هانی لایەنێک بدرێت بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمی دیاریکراو.

لایەنەکان لە کۆمەڵێک مەودای ڕێکخراوی جیاواز گوتیان کە پشتگوێخستنی کێشەکانی کوالێتی داتا لەمپەری خستۆتەبەر بەکارهێنانێکی گشتگیرتری ئەم پلاتفۆرمانە لە کاروبارە مرۆییەکاندا. ڕێکخەری گروپەکان بەتیمی لێکۆڵینەوەیان ووت کەڕووبەڕوی کێشەی بەوەختی دەبنەنەوە لەکاتی وەرگرتنی داتاکاندا، کە، بۆ نموونە، پلاتفۆرمەکان نوێنەکرانەتەوە لەگەڵ داتای نوێ (لەوانە ActivityInfo و پلاتفۆرمەکانی تر کە ڕێکخەرەکان دیاریان کردووە)، وە هاوبەشەکان داتاکان لە کاتی خۆیدا بەرزناکەنەوە، یاخود بەشێک یا هیچ داتایەک بەرزدەکەنەوە. زۆرێک لەلایەنەکان کە دیمانەیان لەگەڵ کرا وتیان کە داتای ناکاتی و ناتەواو مەترسی دروستکردنی بۆشایی داتا دروست دەکات و بەها و متمانەی بەکابەران بەداتاکان لاوازدەکات. لەبەرئەمە، دیمانە لەگەڵ کراوەکان ویستیان کە دەستیان بگات بە میتۆدۆلۆجی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان بگات بۆ باشتر ئاگادار بوون لە ئاست و متمانی داتاکان، وە هەروەها دەیانەوەێت بتوانن کە داتاکان بەشێوازی جیاواز بەدەستبێنن (بۆ نموونە CSV, EXceel، هتد). زۆرێک لەکێشەکانی کوالێتی داتا سەرهەڵدەدات بەهۆی نەبوونی توانا و کارامەیی تەکنیکی ستافەکان (نەخشەی پێنخ ببینە).

**دۆزینەوەی پێنجەم- بنیادنانی توانا Capacity Builidng پێویستی بە پایەیەکی ناوەندی بەهێز هەیە بۆ ئاماژەدان بە کێشە هەیکەلیەکان کە بەربەست دروست دەکەن بۆ بەدەستهێنان و بەکارهێنانی داتا.**

پاڵپشتی دارایی نابەردەوام و سنوردار، بەردیارکراویی بۆ ڕێکخراوە نێوخۆییەکان، بەربەستی خستۆتەپێش تواناکانی رێکخستنی داتاکان. ئەم کێشەیە دووپات کرایەوە لەلاین دەزگایەکی لێکۆڵینەوە لەعێراق کە وتی،” زۆرێک لە ڕێکخراوەکان توانایان نییە بۆ بنیادنانی ڕاپرسی، ڕاهێنانی کەسانی بواری سەرژمێری، و کۆکردنەوە و شیکاری داتاکان.“ بەهۆی سروشتی بارودۆخی عێراق، کە دەکرێت بەناکاودا بگۆڕێت وە هەوڵەکان بەرەوە کاروباری پەرەسەندن، ئەو پاڵپشتییە داراییانەی بۆ کاروباری مرۆیی تەرخاندەکرێن سنورداەبن و بەزۆری کورت مەودان. لەماوەی چاوپێکەوتنەکاندا، ڕێکخراوە نێوخۆییەکان بەبەردەوامی ئامەژەیان بەوەدا کە ئەوان ڕێژەیەکی زۆر کەمی پاڵپشتیە دراییەکان بۆ کاروبارە مرۆییەکان وەردەگرن لە ئێستادا، کە پاڵپشتیەکان ئایە ڕاستەوخۆ لە بەخشەرەکانەوە دێت، یاخود لەرێگەی پاڵپشتی کۆکراوە بۆ کاروبارە مرۆییەکانی عێراق the Iraq Humanitarian Pooled Fund (IHF). دیمانە لەگەڵکراوەکان لە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان هۆکاری ئەمەیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی ئەو پاڵپشتیانەی وەریدەگرن وابەستەیە بە پرۆژەی دیاریکراوەوە و جێبەجێی دەکەن وەکوو بەڵێدەر بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە زۆرکات پاڵپشتی پێویستی تێچووە بنەڕەتیەکان ناکەن. ڕێکخراوە نێوخۆییەکان ڕوبەڕوی قورسی زۆر دەبنەوە بۆ هەبوونی ئەو پێوانە زۆرانەی کە لەڕێگەیەوە پاڵپشتیە داراییەکان بەدەست دەهێنرێت. لەبەر ئەمە، زۆرێک لە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان لەمەترسی گەورەیان و پاڵپشتی دارایی زۆر سنوردارایان هەیە، کە پاڵپشتیە بنچینەییەکان لەخۆناگرێت بۆ بنیادنانی تواناکان Capacity Building. ئەمە مانای وایە کە ناتوانن وەبەرهێنان و گەشە بە توانای بەڕێوبردنی داتاکانیان بدەن. لەدەرەنجامدا، دیمانە لەگەڵکراوەکان لە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان تیشکیان خستەسەر ژمارەیەک لەئاڵەنگاری

کەرووبەڕی دەبنەوە لەکاتی کۆکردنەوە، شیکاریکردن، بەژداریپێکردنی داتاکان بەشێوەیەکی گشتگیر و بەوەخت (لەنێخۆی خۆیان و دەرەوەش). ئاڵەنگارییەکان بریتین لە:

I. نەبوونی پاڵپشتیەکی دارایی بەردەوام بۆ پۆستی بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان
II. نەبوونی توانا بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی ستاف لەبارەی پرۆسەی بەڕێوبردن و تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی داتا (لەوانە، ڕاهێنانی کەسانی سەرژمێری، هتد).
III. کەمی ستافی خاوەن کارامەیی تایبەت، لەوانە توانای تێگەشتەن لەو ڕاپرسیانەی کە ئەو پرسیارانە لەخۆدەگرێت بە بەڵێ و نەخێر جواب نادرێنەوە (open ended survey questions)، چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتا لە کۆمەڵگە لاوازەکان (ئەو خەڵکانەی کە بەر زیانی قەیرانەکان کەوتوون)، چۆن پرسیاری هەستیار بکەن بەشێوەیەکی گونجاو، وە چۆن شیکاری داتا کۆکراوەکان بکەن لەدوای راپرسیەکان.
IV. نەبوونی توانا و کاتی پێویستی ستافەکان بۆ نوێکردنەوەی ڕێکارە نێوخۆییەکانی ڕێکخراوەکان لەبارەی بەژداری پێکردنی داتا و داتای هەستیار.
V. کەمی سەرچاوە بۆ ستافەکان بۆ ڕاپۆرت نوسین لەبارەی چالاکی کاروبارە مرۆییەکان بۆ گروپە ڕێکخەرەکان و ڕاپۆرت نارد لەبارەی چالاکی پرۆژەکان بۆ بەخشەرەکان.
VI. بەردەست نەبوونی میتۆدۆلۆجی کۆکردنەوەی داتاکان و کەمی پاڵپشتییە داراییەکان وادەکات کە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان پێویستیان بەسەرچاوە هەبێ بۆ دیزاین کردنی میتۆدۆلجی دیاریکراوی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی داتاکان.

ڕێکخراوە نێوخۆییەکان لە عێراقدا زۆرجار بەکاردەهێنرێن بۆ کۆکردنەوەی داتاکان ڕاستەخۆی لەو مەیدانانەی ئیشی تیادەکەن و لەو خەڵکانەی سودمەندبوون بەهۆی توانای زمانەوانیان و گەشتنیان بەوشوێنانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەئاسانی وەکوو ئەوان پێی ناگەن، بۆیە ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەو داتا کۆکراوانەی کاروبارە مرۆییەکان. لەدەرەنجامدا، زۆر گرنگە کە پاڵپشتی دارایی زیاتر تەرخانبکرێت بۆ ڕێکخراوە نێوخۆییەکان بۆ سەرکەوتنە بەسەر کێشە هەیکەلیەکان وە بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بەتوانای کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیاریەکان بدەن.

*" زۆربەی بەخشەرەکان دەڵێن کەپاڵپشتی دارایی هەڵسەنگادنی پێویستیەکان ناکەن. پاڵپشتییە کۆکراوەکان پاڵپشتی دارایی بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان لەخۆ ناگرێت،"*
***ئەندامی ستافی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وای وت.***

ژمارەیەک لەجێبەجێکارەکان، بەزۆری ڕێکخراوە نێوخۆییەکان، ئاماژەیان بەوەدا کە پاڵپشتی دارایی کەم بۆ هەڵسەنگادنی پێویستیەکان بووە هۆکاری هەبوونی داتای جێیمتمانە کەمتر، کە بەکاردەهێنرێن بۆ دیزاین کردنی پرۆگرام و لەکاروبارە مرۆییەکان. لە ماوەی چاوپێکەوتنەکاندا، ئەوە ڕوونبووەوە کە بەخشەرە زۆربەی کات پاڵپشتی دارایی هەڵسەنگانی پێویستیەکان ناکەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

هەوەک بەڕێوبەری پرۆگرامێک لەعێراقدا وتی،" لەناوی سێکتەری مرۆییدا، بەخشەرەکان نایانەوێ پاڵپشتی هەڵسەنگادنەکاندا، کە ئەو داتایانەت پێدەبەخشێت کە تۆ پێویستە." ڕێکخراوە گەورە نێودەڵەتییەکان زۆر کات دەتوانن پاڵپشتی دارایی بکەن بۆ هەڵسەنگادنی پێویستیەکان بۆ خۆیان، ڕێکخراوە بچوکەکان دەبێت پارێزگارکاربن لەگەڵ ئەو سەرچاوە سنوردارەی هەیانە. ئەمە بەدیاریکراوی مانای وایە کە سەرچاوەی پێویستی ڕێکخراوەیی، لە بارەی کاتی ستافەکان و کارامەییە تەکنیکیەکان، بەردەست نییە بۆ بەتەواوی وەبەرهێنان و گەشەسەندن بە میتۆدۆلۆچییەکی گشتگیر و بەهێز، وە لەهەمان کاتدا راهێنانپێکردنی کۆکەرەوانی داتاکان و کەسانی سەرمژمێرکردن لەسەر هەڵسەنگادنی پێویستیەکان. هەروەکوو نەدامێکی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وتی، "کوالێت و فراوانی داتاکان کەمدەبنەوە هەروەکوو چۆن پاڵپشتیە داراییەکان کەمدەبنەوە." بەپشت بەستن بە ڕاپرسییە ئۆنلاینەکە،

داتای پێداویستیە هەڵسەنگێندراوەکان زۆرترین کات بەکارهێنراون بەڕێژەی ٧٤% لەنێوان وەڵامدەرەوەی ڕاپرسیەکە  و زۆرترین پێویستین لەلایەن ئەوانەوە لە عێراقدا بەڕێژەی ٧٥%، کە گرنگی هەبوونی داتای دروست و جێمتمانە دەردەخات.

*"کەمی توانای نێوخۆیی هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کوالێتی بەرز و شیکردنەوەی داتا،"*
***ئەندامی ستافی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وایگووت.***

لەماوەی چاوپێکەوتنەکاندا، تیمی لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبەردەوامی باوەڕیان وایە کە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان توانای پێویستی بەکارهێنانی داتایان نییە. ڕاستە کە ئاڵەنگاری تواناکانیان (ڕێکخراوەیی و تەکنیکی) کارێگەرییەکی بێسنوونری هەیە لەسەر ڕێکخراوە نێوخۆییەکانی لەعێراقدا، بەڵام ڕێکخراوە نێوخۆییەکان خۆیان ئاماژەیان پێدا کە بەخشەر،  دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ویستیان نییە بۆ ئەولەویەت دان ڕاهێنانی بەکارهێنانی داتا لەلاین هاوبەشە نێوخۆییەکانیان. ئەم تێڕوانینە لەنێوان ڕێکخراوە نێوخۆییەکان پشگیری لێکرا لەلاین ڕێکخەرێکەوە کە وتی،*" بنیادنانی تواناکانی ڕێکخراوە نێوخۆییەکان زۆر کات ئەولەویەت نییە.* " بەهێزکردنی تواناکان زۆر کاتبەشێوازی چاودێریکردن دێت، کە تێچووی مادیی لەهەمان ئاستی ڕاهێنانەکاندا نییە (بۆ نموونە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ستافەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت بەهاوبەشتی لەگەڵ ڕێکخراوە نێوخۆییەکان پەرەبدەن بە نوسینەوە میتۆدۆلۆجی کۆکردنەوەی داتاکان، وە کۆکردنەوە و شیکاری داتاکان بەیەکەوە بکەن). بەڵام هەروەکوو کاروبارەکان تایبەت بەقیرانە مرۆییەکان کەمدەبێتەوە، ڕاهێنانی تواناکانی داتا کۆکردنەوە زیاتر دووردەکەوێتەوە لەئەولەیەت. ئەو ڕێکخراوە نێوخۆییانەی دیمانەیان لەگەڵ کرا باوەڕیان وابوو کەتوانای زنیاری نێخۆییەکان، زمان، پەیوەندیان پشتگوێخرابوو لەلاین ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەوان بە دیاریکراوی وتیان کە زانیاریە نێوخۆییەکانیان (ئەو زانیاریانەی کە وەکوو خەڵکانی لۆکاڵ هەیان) پشتگوێخرابوو لەلایەن ڕێکخراوە گەورەکان و دەزگاکانی ترەوە.

## دەرەنجام

کاروباری قەیرانە مرۆییەکان عێراقدا سەرکەوتوو بووە لەبارەی نێوەڕۆکی قەیرانەکانەوە و بەڕێوبردنی داتاوە بەڵام دۆزینەوەکان کەپێشکەشکراون لەم لێکۆڵینەوەوە تیشکدەخاتە سەر ژمارەیەک کێشە کە هێشتا پێوستە ئاماژەیان پێبدرێت بۆ زیاتر باشترکردنی بەکارهێنانی داتاکان. بەژدارپێکردنی ناکاریگەری داتا و نابەردەوامی ڕێنمای لەبارەی هەستیاری داتاوە مەترسی دروست دەکات بۆ بۆشایی داتایی و لەمپەردەخاتە بەر زانیاری پێویست کە ڕێکخراوەکان پێویستیانە لە پرۆسەی بریاردەکردندا. نەبوونی پاڵپشتی دارایی بەدیاریکراوی بۆ بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان و هەڵسەنگاندنی زانیاریەکان ڕێگەخۆشکەرە بۆ کۆکردنەوەی داتای کوالێتی نزم، کە بەکاردەهێنرێن بۆ کاروبارە مرۆییەکان. ئەمە دیاردەیەکە کە لەکاتێکدا عێراق لە قۆناخی گەشەسەندی پاش قەیرانەکان نزیکدەبێتەوە. بۆ هەنگاوی زیاتری پراکتیکی، بەژدارپێکردنی میتۆدۆلۆجی کۆکردنەوەی داتاکان یاخود زیادکردنی پاڵپشتیە داراییەکان بۆ ڕێکخراوە نێوخۆییەکان هاوکار دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی توانا و بۆشای داتاکان، کە ئێستا لە چوارچەوەی خۆیاندا بەربەست دروست دەکەن بۆ باشترکردنی کوالێتی داتا و ئاڵوگۆری زانیارییەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە کورتکراوەی ئەو ئاڵەنگاریانە دەخاتەڕوو کە لایەنەکان لە مەیدانی کارکردنە ڕووبەڕوی دەبنەوە لەبارەی داتاوە، بەڵام دوو کێشەی تایبەت هەیە کە دەبێت لەسەرەتایا ئاماژەیان پێبدرێت: بەژدارپێکردن و هەماهەنگیکردن. بەژدارپێکردنی داتا لەگەڵ بەکارهێنەران لە ئاستێکی نێوخۆییدا پێویستە بۆ تێگەشتن لەوەی کە چۆن کەسە لۆکاڵیەکان بەشە جیاوازەکانی ڕێکخستنی داتاکان دەبینن، لەوانە چی وادەکات داتایەک دروستبکرێت کە پێناسی داتا کوالێتی باشی هەیە لەسەر کاروبارە مرۆییەکان. چەند خالێکی هەیە کەڕێکەوتنی لەسەر هەیە بۆ داتای کوالێتی، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پێناسێکی دیاریکراوی دانەنانەوە بۆ داتای کوالێتی لەبەری ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە ڕونی دەکاتەوە کە تا چ ڕادەیەک داتاکان کەسە نێوخۆییەکان بەرهەمی دەهێنن و پێویستیان بە بەژداری پێکردن و ڕێنوێنیکردنە بۆ تێگەشتن و ئامەژەدان.

بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیە ئامەژەیان پێدراوە دەکرێت لەڕێگەی قەوارەیەکی ڕێکخستنی هەمەچەشنەوە چارەسەربکرێت، کەڕۆڵێکی ڕاوێژکاری دەبینێت و توانای قایلکردنی ڕێکخراوەکانی کاروبارە مرۆییەکانی دەبێت بۆ دۆزینەوە چارەسەر بۆ کێشەکانی داتا بە شێوەیەکی فراوانتر. ئەمە دەکرێت پێناسەیەک لەخۆ بگرێت بۆ داتای کوالێتی باش لەکاروباری قەیرانە مرۆییەکاندا، دابینیکردنی بەڕێوبەری ڕێکخستنی زانیاریەکان لەگەڵ توانای کارامەیی بەرزدا بۆ ڕێکخراوەکان، کەڕووبەڕوی کەمی ستافی تەکنینکی داتا دەبنەوە، وە دانانی بنەماکان بۆ گەشەپێدان و ڕێکەوتن لەسەر بەژدارپێکردنی داتاکن لەنێوان ڕێکخراوە نێوخۆییەکان و نێودەوڵەتیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە بەشێوەیەکی کاریگەر، زۆر گرنگە کە بەرهەمێنەران و بەکارهێنەرانی داتا بەژداریان پێبکرێت لەئاستێکی نێوخۆییدا بۆ تێگەشتن لەوەی کەزانیارییە پێویستەکانیان چییە و بۆ ئەوەی ئەوەی هاوکاری بکرێن بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی هەر ئاڵەنگارییەک کە یەتەبەردەمیان لەبەدەست هێنان و بەکارهێنانی داتا ناوبراوەکان. ژمارەیەک لە دیمانە لەگەڵ کراوەکان ئاماژەیان بەوەدا کە جۆری ئەو باس و پرسیارانەی کە تیمی لێکۆڵینەوە هەیان بوو لەگەڵیان باسیان لێوەنکەراوە لە کاروباری قەیرانە مرۆییەکان لە عێراقدا. لەبەر ئەمە، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەخشەرەکان، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێویستیە چالاکانە هەولبدەن بۆ بەژدارپێکردنی هاوبەشە نێوخۆییەکانیان بۆ دۆزینەوەی سنوری توانای داتاییان، وە بۆ زانینی ئایا کە ئەو داتایانەی بەردەستە سودبەخشە بۆ جێبجێکردنی پرۆژەی راستەوخۆ بۆ سودمەندبووان.